وردیلەچیرۆک

# مانگ و هونەرمەند و سەگەپیاو!

## حەمەفەریق حەسەن

### وتمپێی:

((ئاخر مانگ گەلێ بڵند بڵند هەڵکشاوە. ئەو چەندین ساڵەڕێ لێتەوە دوورە. خۆ دراوسێتان نییە تا هەراسانی کردبیت و تۆش ئەو مافە بەخۆت بدەی پێیدا هەڵبشاخێی هەی ماڵخراپ. مانگ مینا لێرەیەکی زێڕ پرشنگ دەهاوێ. نانا، پیاما هەڵمەکاڵێ. تۆ دەبێ لە هەمبەر دیاردە و فیگەرە ناوازەکاندا ڕێز و سەرسامی دەرببڕی، نەک تووک و بێڕێزیی. تۆ لە دووری دووڕا و لە بنی بنڕا ڕووی مانگ دەبینی، دەنا ئەو بەو ڕادەیەش نزم و وردیلە نییە وەک تۆ مەزندەت کردووە. هەر ئارەزووشت لە گەفینە، بڕۆ تا دەنگت دەکەوێ بەهاوشانی خۆت بگەفە!))

کەچی ئەو لچی داخست، لێوی سەرخست، ددانە زەردەکانی پتر لەچێرەوە بردن و یەکبین مڕاندی. تەنیا مڕاندن.. تورە تورەکەی جارانیشی نەما...

دیسانەوە گوێم ئاودایەوە، وتم:

((جوان سەرنجی مانگ بدە.. ئەو لەم گەردوونە بەرینەدا ڕووبەرێکی بەرکەوتووە لەقەد باڵای خۆی. گەر دەتوانی هەوڵبدە پێینەگەفی.. نا، هەرگیز نایگەیتێ هەرچەندە خۆتی بۆ هەڵدەی.. دەستت پێیدا ڕاناگات ئەگەرچی، چی پشقلی ئەفریکا و ئاسیاش هەیە، ژێر پێیە بەپێڵاوە لووت کونە، بن تەنکەکانت نابێت. ئەوا گریمان بیشیگەیتێ، ئەو حەلە خۆت شانازیی بەو گەیشتنەوە دەکەی. نا، مەگەفێ پێم؛ بە پارچە ئێسکم مەزانە.. بە مانگی یەکشەوەش هەرگیز نامبینی.. ڕووم هەردەم مانگێکی زێڕین و پڕی شەوێکی سامالە؛ تنۆک تنۆک ئەستێرەی لێدەتکێ! من هونەرمەندم، حاڵی بووی؟))

هیچی نەوت. هیچی لەدەست نەهات. یەکتەق دەیمڕاند. کلکرەپ، لینگفش، تەنکە هەڵمێک لە لمۆزی دەردەهات. گوێیەکانی بۆ دواوە پاڵدابوو. چاوە زەردەکانی بەئاستەم کرابوونەوە. ڕێک لەسەر ڕووم بوون. پشتم تێکرد.. کاتێ من دوورکەوتمەوە، ئەو کردی بەشەوی خۆی و بەگەفین گەرەکە ماڵێکی لەزەواق نا. من هەروا وردە وردە دوور دەکەوتمەوە. ئەویش لە جێی خۆیەوە پێی لێهەڵدەبڕی و قایمتر دەگەفی.

شەو درەنگی کردبوو، کاتێ من گەیشتمە ئەوسەری شەقام. مانگ و ئەستێرەکانیش لێفەی هەوریان بەسەر خۆیاندا دابوو، بەڵام ئەو هەر نەیدەبڕییەوە. وا پێدەچوو تا من دوورتر بکەومەوە ئەو قایمتر بگەفێ.. لەوانەیشە قسەی هاوڕێ دنیادیوەکەم بووبێ.. ((ئەم جۆرە بوونەوەرانە، ڕکیان لەهەر کەسێکە بدرەوشێتەوە!)) ئەگەر وابێ، ئەوا تاکو دنیا تاریکتر بێ، من پتر دەدرەوشێمەوە!

6. January 2007

---

**دەقە هاوشانەکان:**

* (سەگ بەمانگەشەو دەوەڕێ)، کە وتەیەک یان پەندێکی کوردییە.

* ژمارەیەک کەڤاڵی شێوەکاری جیهانی هەن، وەک کەڤاڵی (سەگ بەمانگ دەوەڕێ) ی (خوان میرۆ) (1893 _1983)، میرۆ کەڤاڵەکەی بە ستایلی سوریالی، لەساڵی 1926دا بەڕۆن لەسەر کانڤاس و بەقەبارەی 29 بە 36 گرێ کێشاوە. ئێستا لە مۆزەخانەی هونەریی شاری (فلادلفیا)دایە..

هەروەها کەڤاڵی (سەگ چاودێریی مانگ دەکات)، دەستکاری هونەرمەند (جوان براون) ە، کە لە نێوان ساڵەکانی 1938_1990دا ژیاوە، لە ساڵی 1969 دا، ئەم تابلۆیەی بەڕۆن لەسەر کانڤاس و بەقەبارەی 33 بە 43 گرێ کێشاوە. ئێسا لەمۆزەخانەی هونەریی شاری (بێرکەلی)دایە.. گەلێ تابلۆی دیکەش.